# ڕاپۆرتە هەواڵی ژمارە(2)

1/ **دەرکردنی بەیاننامەیەك لەژێرناوی**(لەوەڵام بە ئاگاداری شارەوانی سلێمانی بۆ دەستفرۆشان نەگەرمای هاوین نە سەرمای زستان... زیادکردنی موچە و بیمەی بێکاران )لە لایەن نوێنەرایەتی کوردستانی (یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق) لە 2006/11/29 کە دواهەمین ڕۆژی ئاگادارکردنەوەی دەستفرۆشان بوو لە لایەن شارەوانی سلێمانیەوە بەیانامەکە لە ناو دەستفرۆشاندا بڵاوکرایەوەو بۆ زۆر ناوەندو دەزگای ڕاگەیاندن نێردرا و بڵاوکرایەوە .

2/ **دەستپێکردنی خولی ڕاهێنان لەژێرناوی**( ڕابەری کردن و بەڕێوەبردنی سەندیکا کرێکاریەکان) لە 2006/11/30 دەرگای خولەکە لەناو شۆروشەوقی بەشداربوواندا والأ کراو بەشداربووان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی خولەکەو باسەکانی و ماوەی تەرخانکراو بۆ ئەم خولە و گرنگییە مێژوویی و چینایەتیەکانی ڕێکخراوە کرێکاریەکان باسکراو نەخشە وکاتە گونجاوەکان بۆ بەردەوامی خولەکە بەڕەزامەندی هەموو بەشداربووان پەسەند کرا ، پێکهاتەی بەشداربووان بەجۆرێك بوو زۆرێك ناوەندی جیا جیای کرێکاری لە خۆی دەگرێت وەك کرێکارانی (کارگەی چیمەنتۆ، کارگەی جگەرە ، بەشی تەندروستی ، بیناسازی ، کارەبا ، ئاسنگەران ، کاسبکاران ،بێکاران ،لاوان ) هەروەها لە هەردوو ڕەگەزی (نێرومێ) لەم خولەدا بەشدارن .

3/ **سەردانی نوێنەری کوردستانی** (**یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق**) بۆ کارگەی جل وبەرگی ئامادەکراو لە سلێمانی لە2006/11/28 کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کارگەوە پێشوازیەکی گەرمی لێکرا و (اکرم محمد) داوایلێکردن کە کرێکارانی کارگەی جل وبەرگی ئامادە کراویش لەگەڵ هاوچینەکانیان بە چەند کرێکارێك بەشداری بکەن لە خولەکەدا لەگەڵ پشتیوانی زۆری بەڕێوەبەری کارگە بۆ کردنەوەی خولەکە بەڵام بەداخەوە کەسیان لە خولەکەدا بەشدار نەبوو بەهۆی ئەوەی خولەکە ماوەکەی زۆرە و هەروەها داوای بەڕێوەچونی ڕێوشوێنی ڕۆتینی داواکاری کارگە لە سەندیکا کە دەبووە ڕێگر و کوشتنی کاتێکی زۆر لەبەردەم بەشداربوواندا کە چەند ڕۆژێکی کەمی مابوو بۆ دەستپێکردنی خولەکە.

4/ **سەردانی کەناڵی العراقیەی**2 کوردی لە 2006/12/6 بۆ شوێنی خولەکەو سازدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەشداربووانی خولەکە و بەڕێوەبەری خولەکە(اکرم محمد) .

5/ **دوابەدوای دەستپێکردنی خولەکە بە هەفتەیەك** ( سەندیکای کرێکاران و پیشەوەرانی کوردستان/ سلێمانی) کە حکومەتی (ی.ن.ك) بەڕێوەی دەبات لە 2006/12/6 (وەرشەی کاری) سێ ڕۆژەی بۆ سەندیکاکان کردەوە دوای بڵاوبونەوەی هەواڵەکە لە میدیاکان بەتایبەتی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان ، دەستبەجێ (اکرم محمد)نوێنەری (یەکێتی شوراوسەندیکا کرێکاریەکان لە کوردستان) لە2006/12/7 خولەکەی بەسەرکردەوە و لە لایەن بەشدابووانی خولەکەوە پێشوازیەکی

**گەرم كراو ئەویش پیرۆزبایی و پێشوازی گەرمی یەكێتی شوراكانی پێڕاگەیاندن و هاوئاهەنگی وسەركەوتنی خولەكانی لە پێناو كاری ڕێكخراوەیی كرێكارانی پێڕاگەیاندن و هەر لە وێشدا محازەرەیەكی كورتی لەسەر شێوازو پەیكەری ڕێكخراوەیی سەردەمی و گونجاوی پەسەندكراوی لە لایەن كرێكارانەوە پێشكەش بە بەشداربووان كرد كە جێگەی سەرنجی سەرجەم بەشداربووان بوو وە شێوازەكەش دەربڕین بوو لە ڕیگرتن لە كاری بیروكراتی سەندیكایی و گرتنە بەری ڕێگای كۆبونەوە گشتیەكانی كرێكاران و گەڕانەوە بۆ كرێكاران بۆ هەر بڕیارو هەڵوێستێك كە گیانی هێزی ڕێكخراوەیی و یەكگرتوویی كرێكاران و ڕكخراوەكانیان لە (شورا و سەندیكا و یەكێتیە) سەربەخۆكانیان پتەوبكات و بانگەوازی كردن كە پێكەوە هاودڵ و یەكدەست كاربكەین لە پێناو پەرژەوەندیەكانی كرێكاراندا ، نوێنەری سەندیكای كاگەی چیمەنتۆی سەرچنار ناڕەزایەتی و دەردە دڵی خۆی لە كاری بەرەیی سەندیكاكانی كرێكارانی لە چەند ساڵی ڕابردودا ڕاگەیاند كە دەنگی كرێكارانی نەهێشتووە ،دواتر نوێنەرێكی تر باسی لەوە كرد كە هیچ كاتێك ئەوان پشتیان بەوجۆرە لە كاركردن نەبەستووە و كۆبونەوەی گشتیان نەكردووە ،هەر لەوێدا زۆرێك دەستخۆشی خۆیان بۆ نوێنەری (یەكێتی شوراو سەندیكا كرێكاریەكان لە كوردستان ) ڕاگەیاند هیوایان خواست كە بتوانین پێكەوە كرێكاران و ڕێكخراوەكانیان لە پاشكۆی حیزب و دەسەلأت رزگار بكەین تا بتوانن نوێنەری ڕاستەقینەی كرێكاران بن .**

6/ **بەشداری وەفدێكی یەكێتی شوراو سەندیكا كرێكاریەكان لە عێراق و كوردستان** **لە (وەرشەی كاری) عمان لەژێرناوی (بەهێز كردنی تواناكانی ڕۆڵی ژنانی عێراق لە سەندیكاكاندا) كەلەلایەن (مەڵبەندی هاوپشتی كرێكاری )نوسینگەی هەرێمی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست وباكوری ئەفریقیا–عمان بەڕێوەچوو وە نوێنەرە بەشداربووەكانی یەكێتی شوراو سەندیكا كرێكاریەكان كە بانگكرابوون پێكهاتبون لە (ئەریڤان جمال) لە كوردستانەوە وە (علیە جبار كازم ، نغم فریح ایمن) لە ناوەڕاست و باشوری عێراقەوە بۆلە ماوەی** 3 **هەتا** 7 **ی كانونی یەكەمی** 2006 ..

**بەشێك لە وێنەی بەشداربووانی خولی (یەكێتی شوراو سەندیكا كرێكاریەكان لە كوردستان)كە:**





